# به بۆنەی هەشتاو حەوتەمین ساڵرۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## شۆڕشی ڕووسیا



**نووسینی: تۆنی کلیف**

لە 23 ی شوباتی 1917 ئاهەنگ گێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە دەستی پێ کرد. ئەمە سەرەتای دەست پێ کردنی شۆڕش بوو. ڕۆژی دوایی 200 هەزار کرێکار لە پترۆگراد دەستیان بە مانگرتن کرد، 25ی شوبات مانگرتنی گشتی سەرتاسەری شاری گرتەوە و چەند کەسێک لە مانگرتووان بە دەستی سوپا کوژران. دوو ڕۆژ دواتر یاخی بوونی هێزی پاسەوانان ڕوویدا، سەربازەکان فەرمانی تەقەکردنیان لە خۆپیشاندەران ڕەتکردەوە و تا کار بەوە گەیشت یەکێ لەو ئەفسەرانەی فەرمانی تەقەکردنی دەرکرد لە لایەن سەربازێکەوە کوژرا. تزار دەستی لە کار کێشایەوە، لەمە سەیر تر ئەوە بوو ڕۆژێک بەر لە دەست لە کار کێشانەوەی تزار ئەنجومەنی (شووارای) نوێنەرانی کرێکاران دروست کرا. بیرەوەری ئەنجومەنەکەی ساڵی 1905 ئەم ڕووداوەی بە گوڕتر کرد، هەموو شوێنەکانی کار نوێنەری خۆیان نارد بۆ ئەنجومەن.

شۆڕش بە تەواوی خۆ بە خۆو بێ پلان بوو، هەروەکو لیۆن ترۆتسکی نووسیویەتی: " هیچ کەسێ نەبوو بە شێوەیەکی ئیجابی بە بیریدا بێت کە 23ی شوبات خاڵی دەستپێکردنی وەرچەرخان پێک دێنێت دژی حوکمی موتلەق ".

سۆخانۆف گەواهدەری هەڵکەوتووی شۆڕش دەڵێت " هیچ حیزبێ نەبوو خۆی بۆ ئەم ڕاپەرینە ئامادە بکات " بە هەمان شێوەش یەکێ لە بەرێوەبەرە کۆنەکانی ئۆکهارنە okharana کە دەزگای پۆلیسی نهێنی تزاری بوو، ئەوەی ڕاگەیاند کە شۆڕش " بە تەواوی دیاردەیەکی خۆبەخۆیی بوو، بەرهەمی ڕەنجی هیچ حیزبێک نەبوو" .

ملیۆنەها کەس بۆ یەکەم جار هاتنە ناو ژیانی سیاسی. دەرکەوتنی حیزبی بەلشەفیک زۆر لاوەکی بوو، دوای شۆڕش تەنها 23ی هەزار ئەندامی هەبوو، وە تەنها لە 25ی شوباتدا بوو کە بۆ یەکەم جار بەلشەفیکەکان بەیاننامەی مانگرتنی گشتی یان بلاوکردەوە. ئەمەش دوای ئەوەی200 هەزار کرێکار هەموو ئامرازەکانی تزاریان تێکشکاند. بەڵشەفیکەکان لەو هەڵبژاردنانەی بۆ ئەنجومەن ئەنجام درا کەمایەتیەکی بچووکیان بە دەست هێنا، لە 1500 تا160 نوێنەر تەنها 40 ی هی ئەوان بوو یانی 2.5 % ی نوێنەران بەڵشەفیک بوون.

### دەسەڵاتی دوو لایەنە

شان بە شانی حکومەتی پیشەیی کە لە لایەن شازادە لڤۆڤ (Prince Lvov) ەوە ڕابەرایەتی دەکرا، حکومەتی شوراکانیش هەبوو. بەمەش دەسەلاتێکی دوو لایەنە هەبوو. ئەمەش بارودۆخێکە

که قەت ناکرێ تا سەر بەردەوام بێت و یەکێ لەو دوو حکومەتە دەبێ شوێن بۆ ئەوی تریان چۆڵ بکات.

لە دەست پێکردنی کار دا ئەنجومەن پشتگیری لە حکومەتی لڤۆڤ کرد و لە خولی 2 ی ئازاری ئەنجومەنیشدا بڕیارێک دەرکرا بۆ گواستنەوەی دەسەلاّت بۆ حکومەتی پیشەیی – یانی بۆرژوازی. تەنها 15 نوێنەر لە دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە، کە ئەمە مانای ئەوەیە سەرجەم 40 ئەندامە بەلّشەفیکی یەکانیش دژی نەبوون. فشاری زۆری ئەو 1600 نوێنەرە وای لە بەلّشەفیک کرد بەناو خۆیدا بشکێتەوە، ئەو حیزبانەی لە ئەنجومەن دا زاڵبوون، مەنشەفیکەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان شوێنێکی تێکدەرانەیان Muddle هەبوو. لایەنگیری شوراکان بوون و لە هەمان کاتیشدا پشتگیرییان لە حکومەتی پیشەیی بۆرژوازی دەکرد، ئاشتیان دەویست بەلاّم پشتگیریی جەنگیان دەکرد، هاوسۆزی داواکانی جوتیاران بوون بۆ بە دەستهێنانی زەوی، بەلاّم پشتگیریی یان لەو حکومەتە دەکرد کە قسەکەری ئاغاکان بوو.

بەلاّم شۆڕش ڕێگا بە شێوازە مامناوەندی یە خۆ گونجێنەرەکان نادات. ژیان هەموو مەسەلەیەک لە قاڵبی گونجاوی خۆیدا دادانێت.

تەنانەت خودی ڕابەرانی بەلّشەفیکیش لە ڕووسیا بە تەواوی سەریان لێشێوا بوو. لە 3 ی ئازاردا کۆمیتەی پترۆگرادی حیزبی بەلّشەفیک بڕیارێکی دەرکرد بەوەی لە بەرامبەر دەسەلاّتی حکومەتی پیشەیی دا ناوەستنەوە گەر بێتوو چالاکی یەکانی لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و مەسەلە دیموکراتیەکانی خەلّکدا بێتەوە. دەستەواژەی Postolka /Posilk لە بڕیاری کۆمیتەی جێبەجێ کردنی ئەنجومەنی پترۆگرادیشدا لە پەیوەندی بە حکومەتی پیشەییەوە دەرکەوت و بووە شێوازێک بۆ ئاماژەکردن بۆ سیاسەتێک کە پشتگیری لە حکومەتی پیشەیی دەکرد.

لە سویسرا، لینین زۆر تووڕە بوو کاتێ کۆپییەکی لەو ڕاڤادیە بە دەست گەیشت کە بڕیاری بەلّشەفیکەکانی تیا بوو بۆ پشتگیری مەرجداری حکومەت ( بەمەرجێ خەبات بکات دژی کۆنەپەرستی و شۆڕشی چەواشە) ئەوانە ئەوەیان لە بیر کردبوو کە سەرچاوەی هەرە گرنگی دژە شۆڕش لەو کاتەدا هەر ئەم حکومەتە پیشەیی یە.

## لینین دووبارە حیزب چەکدار دەکاتەوە

لە 3 ی نیسانی 1917 لینین گەڕایەوە پترۆگراد، لەم کاتەدا لینین گەیشتە وێستگەی فینلەند حیزبی بەلّشەفیک پشتگیری لە شۆڕشی سەرکەوتووی شوبات دەکرد. لینین بەمە نارازی بوو و دروشمی " نان ، ئاشتی ، زەوی " و " هەموو دەسەلاّتێک بۆ شوراکان " ی بەرزکردەوە.

گومانی تیانی یە شۆڕشگێڕەکان دەیانەوێت کار بکەنە سەر جەماوەر، بەلاّم مەسەلەکە تەنها یەک ئاراستەی نی یە. بۆچوونی زۆرینەی جەماوەریش کار دەکاتە سەر شۆڕشگێڕەکان. چەند ڕۆژێک دواتر لینین لە گەڵ کۆمیتەی پترۆگرادی حیزبی بەلّشەفیک کۆبووە لە بارەی ( بابەتەکانی نیسان)

ی خۆیەوە لە گەلیان دوا، لەو 16 ئەندامەی کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون تەنها دوو ئەندام لایەنگرییان لە لینین کرد 13 ئەندام دژی دەنگیان دا و ئەندامێکیش دەنگی نەدا.
سەرباری ئەم دەست پێکردنە مژدە نەبەخشە، لینین توانی ڕێژەیەکی گەورە لە ئەندامانی حیزب بە لای هەڵوێستەکەیدا ڕابکێشێت بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر لە ماوەیەکی کورت دا. ئەمەش بە هۆی پەیگیری لینین و ئەزموونی ڕۆژانەی ملێونان کەسەوە بوو. جەنگ بەردەوامی بوو، هەزاران گیانیان لە دەست دا و ئاغاکان بە شێوەیەکی دڕندانە بەردەوام بوون لە سەر چەوساندنەوەی جوتیاران، سەرمایەداران لە ژیانێکی خۆشدا دەژیان لە کاتێکدا کرێکاران بە دەست نەداری یەوە دەیان ناڵاند، نزیکەی کانگێکی پێچوو تا لینین توانی حیزب بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.
بۆ بردنەوەی لایەنگری شوراکانیش لینین کاتێکی زۆری پێویست بوو. لە سەرەتای مانگی ئەیلول دا بەڵشەفیکەکان زۆرینەیان لە شورای پترۆگراد دا بە دەست هێنا و ترۆتسکی بوو بە سەرۆک، لە هەمان کاتدا شورای مۆسکۆ یان بردەوە و کامینیڤی بەڵشەفیک بوو بە سەرۆکی. لێرەوە تەنها چەند هەنگاوێک مابوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە کاتێکدا شۆڕشی شوبات خۆبەخۆیی بوو، بەڵام ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر پلان بۆ داڕێژراو بوو.
لە 10ی ئۆکتۆبەر کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بەڵشەفیک بانگەوازی یاخیبوونێکی چەکدارانەی دەرکرد، سێ ڕۆژ دواتر بەشی سەربازی ئەنجومەنی پترۆگراد دەنگی دا بە گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتە سەربازیی یەکان لە ئەفسەرەکانەوە بۆ کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕی سەربازی کە لە لایەن ترۆتسکی یەوە ڕابەرایەتی دەکرا.
لە 16ی ئۆکتۆبەر دا لە پلینیۆمێکی فراواندا کە کۆمیتەی ناوەندی لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی پترۆگراد، ڕێکخراوی سەربازی، چەند ئەندامێک لە شورای پترۆگراد، سەندیکاکان، کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەی ناوچەی پترۆگراد و کرێکارانی هێڵی ئاسنی تیایدا بەشداربوون بڕیاری ئەو یاخی بوونەیان پەسەند کرد.
لە 20 ی ئۆکتۆبەر داو کۆمیتەی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ ئامادەکاری عەمەلیان بۆ یاخی بوونەکە دەست پێ کرد.
لە 25 ئۆکتۆبەر دا یاخی بوونەکە دەستی پێ کرد. ترۆتسکی بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە ئەم کارەی ڕێکخست، هەروەک چۆن دواتر سەرکردایەتی سوپای سووری کرد بۆ سەرکەوتن لە شەڕی ناوخۆدا.
لە بەر ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر بە ڕێکوپێکی نەخشەی بۆ کێشراو و جێبەجێ کرا، خوێنێکی زۆر گەڕێندرایەوە. لە شۆڕشی شوباتدا خەڵکێکی زۆرتر گیانیان لە دەست دا. دوا بە دوای شۆڕش و لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا سەدان هەزار کەس گیانیان لە دەست دا، بەڵام ئەمە بە هۆی کردارەکانی حکومەتی شورایی یەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئەو داگیرکاری یەوە بوو کە لە لایەن نزیکەی 16 سوپای بیانی یەوە ئەنجام درابوو. گەر یەکێ ڕەخنە لەم کارەی بەڵشەفیکەکان بگرێ وەک ئەوە وایە سەرکۆنەی یەکێک بکەیت کە لە بەرامبەر پیاو کوژێکدا بەرگری لە خۆی بکات و توندو تیژی بە ناچاری بە کاربهێنێت.

## شۆڕشێکی سەرکەوتوو

بە درێژایی سەدەی بیستەم چەندین شۆڕش بەرپابوون. بەڵام لە ناو هەموویان دا تەنها شۆڕشی 1917 ی رووسیا بە سەرکەوتن کۆتایی هات، ئەو شۆڕشانە ناتەواو بوون کە پێشبینی یەکەی ( سان جەست) یان دوپات دەکردەوە کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا وتبووی: ( ئەوانەی شۆڕشی ناتەواو بەرپا دەکەن بە دەستی خۆیان گۆڕی خۆیان هەڵدەکەنن).

شۆڕشی 1917 ی رووسیا تاکە شۆڕشی جیاواز بوو لەو شۆڕشە ناتەواوانە، حیزبی بەلشەفیک ڕۆلێکی ئەفسانەیی نواند لە تەواو کردنی شۆڕشی رووسیا.

جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکست، لە نێوان ڕووسیای ئۆکتۆبەری 1917 و شۆڕشە کرێکاری یەکانی تر لەوەدا بوو کە لەوەی یەکەمدا حیزبێکی شۆڕشگێری جەماوەری ڕابەرایەتی یەکی کاریگەری هێنابووە ئاراوە. لە کاتێکدا سۆسیالیستەکان نەیان دەتوانی ئەو ساتە دیاری بکەن کە قەیرانە شۆڕش ئامێزەکان تیادا دەست پێ دەکات. وە تەنها لە ڕووی دیاری کردنی کرداری لاوەکی یەوە کارامە بوون کە بە پلەیەکی کەم یارمەتی بنیادنانی حیزبێکی شۆڕشگێریی دەدات. ئەوە چینی کرێکارە کە شۆرش بەرپا دەکات نەوەک حیزب، بەڵام حیزب ڕێگا بە چینی کرێکار نیشان دەدات.

ترۆتسکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: " بەبێ ڕێنمایی ڕێکخراوێک ووزەی جەماوەر بە با دەچێت، هەروەک ئەو هەڵمەی کە لە لولەی پستون دا جێگیر نابێت. بەڵام ڕاستی یەکەی ئەو شتەی تەنەکان دەبزوێنێت نە خوی پستۆنەکەیە و نە لولەکەیەتی، بەلکو هەڵمەکەیە ".

زەوی ئاغاکان بە سەر جوتیاران دابەشکران، کارخانەکانیش بوون بە موڵکی حکومەت و لە ژێر کۆنترۆڵی کرێکاران بەڕێوە دەبران ، میللەتە چەوساوەکان مافی دیاری کردنی چارەنووسیان مسۆگەر بوو، ڕووسیاش کە ببوە زیندانێک بۆ نەتەوەکان بووە فیدراسیۆنێک بۆ گەلە ئازاد و یەکسانەکان.

بۆ چەندین سەدە سیاسەتی دژە سامیەت لە ڕووسیای تزاری دا بەرپا دەکرا لە ساڵی 1881 دا Pogromso دژ بە جولەکەکان هاتە کایەوە، جولەکە ڕێیان پێ نەدەدرا لە هەردوو پایتەختەکە – واتە مۆسکۆ و سان پترۆگراد دا بەبێ مۆڵەتێکی تایبەتی بژین، ئێستا سەرۆکی شورای پێترۆگراد جولەکەیە (ترۆتسکی). هەروەها سەرۆکی شورای مۆسکۆش هەر جولەکەیە (کامینیڤ). هەروەها سەرۆکی کۆماری شوراکانیش کە ( سڤیردلۆڤ)ە ئەویش هەر جولەکەیە. کاتێکیش ترۆتسکی کرایە ڕابەری سوپای سوور بۆ سەرۆکایەتی شورای پترۆگراد، جولەکەیەکی تر جێگای گرتەوە ( زینۆڤیڤ).

شۆڕش فێستیڤاڵی چەوساوەکان بوو، لە ساڵی 1917 لەو مانگەی شۆڕش تیایدا بەرپا بوو ئەناتۆلی لۆناچارسکی کە قسەکەرێکی هۆشمەند بوو، کۆبوونەوەیەکی 30-40 هەزار کەسی گرت و تیایدا لە ماوەی 2-3 کاتژمێر باسی لە بابەتەکانی شکسپیر و درامای یۆنانی و هتد کرد.

دانیشتوانی لەندەن چوار ئەوەندەی ئەو کاتەی پیترۆگراد بوون و کرێکارانی بەریتانیا لەوانەی ڕووسیا خوێندەوار تر بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک چاوڕێی ئەوە ناکرێت لەم جۆرە کۆبوونەوەیە لە لەندەن دا بگیرێت.
حکومەتی شورایی پێشکەوتووترین یاسای لە جیهان دا دانا بۆ ڕزگارکردنی ژنان؟ مافی جیابوونەوە لە هەر کاتێکدا یەکێک لە دوو لایەنی هاوسەرێتی بیانەوێت ، ئازادی لە باربردن ( کە ئەمە یەکەم جار بوو لە جیهاندا) . نانخۆرگەی گشتی بۆ ئازادکردنی ژنان لە چێشتخانە، دایانگەی گشتی بۆ پەروەردەکردنی منالان. هەوەها هەموو ئەو یاسایانەی دژی پەیوەندی ئازادبوون لە نێوبران.

## شۆڕشی ڕووسیا نەبووە هۆی سەرهەڵدانی ستالینیزم و کۆلاک

نەیارانی شۆڕش پێیان وایە کە شۆڕشی ڕووسیا بۆتە هۆیەک بۆ سەرهەڵدانی ستالینیزم و کۆلاک. بەداخەوە ئەم بۆچوونە لای زۆرینەی خەڵکیش هەروایە کە زۆر لەو قسەیە دەچێت کە بڵێیت: ئەو بۆمبا ئەتۆمیەی لە هیرۆشیما درا بەرهەمی ئێستای کێش کردنی نیوتنە. چونکە ئەگەر یاسای کێش کردن نەبوایە ئەو بۆمبە لە فڕۆکە بەرنەئەدرایە خوارەوە. کلیلی تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی ستالین لەو سروشتە نێونەتەوەیی یەیە کە شۆڕشی ڕووسیا هەی بوو.
شۆڕشی ڕووسیا بەشێک بووە لە شۆڕشی جیهانی و ناتوانرێ بە جیا لە فاکتەرە نێونەتەوەیی یەکان باس بکرێت. چینی کرێکاری پیشەسازی زۆر بچووک بوو؟ ژمارەی کرێکاران لە کارخانە و هێلی ئاسنی و کانەکان دا تەنها 3 ملیۆن دەبوو لەو 160 ملیۆنەی کە دانیشتوانی ڕووسیای پێک دەهێنا داهاتی پیشەسازی ڕووسیا لە ساڵی 1917 لە داهاتی بەلجیکا زیاتر نەبوو. بەڵام چینی کرێکار زیاتر لە یەکەی گەورەدا چڕبووبوونەوە. لە بەر ئەوە – بۆ نموونە 40 هەزار کرێکار لە کارخانەی ئەندازەیی پوتیلۆڤ دا بوون کە گەورەترین کارخانەی جیهانی ئەو کاتە بوو. ئەمەش بەرهەمی پێشکەوتنی پلە بە پلەی ڕێکخراوی ئابووری ڕووسیا نەبوو بەڵکو بە گشتی ئەنجامی وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانی بوو لە ڕووسیا.

ئاواتەخوازی چینی کرێکاری ڕووسیاش بۆ خۆی بە هەلومەرجە نێونەتەوەیی یەکان دیاری دەکرا. لە بەریتانیا دوو سەدەی ویست تا کرێکاران لە کارخانەدا ویستی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا بەرزبکەنەوە، لە ڕووسیا ئەمە داواکاری سەرۆکی کرێکاران بوو لە شۆڕشی 1905 دا. هەروەها مارکسیزم خۆشی بەرهەمێکی ناوخۆی ڕووسیا نەبوو. نە (ئادەم سمیس) یێکی ڕووسی هەبوو تا (دیڤید ڕیکاردۆ)یێکی ڕووسی بە دوادا بێت و نە (کارل مارکس)یێکی ڕووسیش بە دوای ئەواندا بێت. مارکسیزم بە ئامادەکراوی هاتە ناو ژیانی فکری – سیاسی ڕووسیاوە. بەرگی یەکەمی (سەرمایە) بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1867 دا بڵاوکرایەوە دوای شەش ساڵ بە ڕووسی بە چاپ گەیەنرا. ڕووسیش یەکەم زمان بوو کە (سەرمایە)ی پێ وەردەگیرێت. لە کۆتاییشدا دوایین بزوێنەر بۆ

شۆڕشی ڕووسیا هەر لە دەرەوە دەهات – بەواتای زەبری هێزەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر سوپای ڕووسی.
لینین و ترۆتسکی پەیتا پەیتا ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە ئەگەر شۆڕش بلاونەبێتەوە چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا لە ناو چوونە. لە سەروی هەمووشیانەوە ئەگەر شۆڕشی ئەلمانیا نەیەت بە هانایانەوە.
ستالین میراتگری شۆڕشی ڕووسیا نەبووە، بەڵکو گۆڕهەلکەنەکەیەتی. لە راستیدا ئەوە بوو سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیکی لە ناوبرد، ئەوانەی دوای شۆڕش و جەنگی ناوخۆ بە زیندووی مابوونەوە. باوکی ستالینیزم لینین نەبووە، بەڵکو نوسکە Noske ئەو ڕابەری باڵی ڕاستی سۆسیال دیموکراتەکانە کە ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە لە تیرۆر کردنی ڕۆزا لۆکسمبرگ و کارل لیبکخنت وە هەروەها تیرۆر کردنی شۆڕشی ئەڵمانیا.

بە شێوەیەکی تراژیدیانە، شۆڕشی ئەڵمانیا زۆر کەمتر ڕێکخراو و پێشکەوتوو تر بوو لەوەی ڕووسیا. من چاوپێکەوتنێکم لە یادە لە گەڵ هاینریش براندلەری Heinrich Brandler ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە دوای تیرۆری ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، پرسیارم لێکرد حاڵی ڕێکخراوەکەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە ساڵی 1918 دا چۆن بووە؟ ئەو ووتی: چوار سەد ئەندامی هەبووە کە زۆرینەی مارکسی نەبوون، بەڵکو پاسیڤیست بوونە( بەپێی قسەی ئەو). بەراوردی ئەمە بکە لە گەڵ بەڵشەفیکەکان دا کە لە دوای ساڵی 1903 وە وەکو حیزبێک دەرکەوتن لە ساڵی 1917دا ژمارەی ئەندامی گەیشتە 23,600 . لە وڵاتێکدا کە چینی کرێکار تیایدا زۆر بچووکترە بە بەراورد کردن لە گەل ئەڵمانیادا.
لە رووباردا ئاو بە پاکی دەمێنێتەوە، لە ئاوێکی مەنگیشدا خاش و خۆڵ سەردەکەوێتە سەرەوە، دابڕانی شۆڕشی ڕووسیا بووە هۆی ئەوەی کە خەوشی بیروکراتیەت بێتە سەرەوە. کاتێکیش ستالین کەوتە پێش برکێ لە گەل ئیمپریالیزمی رۆژئاوای بە نا چاری کەوتە لاسایی کردنەوەیان.
گەر ئەڵمانیا نازی دەزگایەکی پیشەسازی سەربازی هەبێت ستالینیش پێویستی بە هەمان شتە، بۆ ئەوەی ئەمەش بە خێرایی بێتەدی ، تاکە ڕێگایەک ئەوە بوو بە شێوەیەکی درندانە کرێکاران و جوتیارانی ڕووسیا بچەوسێنرێتەوە. ڕووسیای ستالینی بەرە بەرە دەبووە هاوشێوەیت ئەڵمانیای نازی و ڕژێمەکەی بوو بە سەرمایەداریکی دەوڵەتی.

## دەربارەی نووسەر

"تۆنی کلیف" Tony Cliff ساڵی 1917 , هەمان ساڵ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیای تیا بەرپابوو, لە فەلەستین لە دایک بووە. ساڵس 1930 بووە بە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ و یەکێک بووە لە پەیرەوکەرانی لیۆن ترۆتسکی. دوا بە دوای ئەوەی لە فەلەستین دا کاری کردووە بۆ پێکهێنانی گروپێکی بچووکی شۆڕشگێڕ لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا هاتۆتە بەریتانیا. بە

دوای خوێندنەوەیەکی چڕو تێبینی کردنی بارو دۆخی وولاَتەکانی ئەورووپای رۆژهەلاَت, کە لە فەلەکی یەکێتیی سۆڤیەت دا دەخولانەوە, دەستبەرداری ترۆتسکیزمی ئەرتەدۆکس بووە.

"کلیف" گرووپی لیکۆلێنەوەی سۆسیالیستی دامەزراند کە بووە زەمینەیەک بۆ پێکهێنانی "سۆسیالیستی ئەنتەرناسیونالی" لە شەستەکان دا و هەروەها "حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست" لە حەفتاکان دا.

خاوەنی دەیان پەرتووک و نامیلکە و سەدان وتاری جۆراو جۆرە. لەوانە پەرتووکی سەرمایەدای دەولَەتی لە یەکێتی سۆڤیەت, لە سالَی 1947 نووسیویەتی و وەرگێردراوە بۆ 16 زمانی دونیا. سێ بەرگ دەربارەی کارو ژیانی لینین و چوار بەرگیش دەربارەی ترۆتسکی, هەروەها پەرتووکی خەباتی چینایەتی و رزگاری ژنان , ترۆتسکیزم دوای ترۆتسکی , تیوری شۆرشی بەردەوامی بەلارێدابراو, مارکیسزم لە هەزارەی سێیەم دا ...هتد. ماوەیەکی کەم دوای دەرچوونی پەرتووکێک لە بارەی ژیانی خۆیەوە کە بە ناونیشانی ( ژیانێک بۆ بردنەوە: بە سەر هاتی شۆڕشگێڕک) لە نیسانی 2000 دا کۆچی دوایی کرد.